# درەختە مەزنەکە

نووسینی: ئەمەل ئەلشلوی
نیگاری: محەمەد تەها
لە عەرەبییەوە: ب. باقی

1

خێزانەکە خەریکی ئامادەکاری بوون بۆ سەیرانێک. پاش ئەوەی هەموویان سواری ئۆتومبیلەکە بوون، کۆڕە بچکۆلەکەیان (ئاراس) دابەزییە خوارەوە. براکانی بانگیانکرد، بەڵام وەڵامی کەسیانی نەدایەوە، کەچی کە باوکی پرسیاری لێکرد، وتی لەبیریچووە تۆپەکەی بهێنێت. ئاراس بەدڵخۆشییەوە گەڕایەوەو تۆپەکەی لەئامێزگرتبوو. ئینجا ئۆتومبیلەکە کەوتەڕێ بەرەو ئەو باخچەیەی پڕبوو لە سەوزایی دڵگیــــرو بۆنخۆش. پێـــش ئەوەی دابـــەزن، باوکیان ئەوەی وەبیر منداڵەکانی هێنایەوە، کە شوێنکە وێرانو پیس نەکەنو وەک خۆی بەپاکی جێیبهێڵن. هەریەکێک لە منداڵەکان بەئاڕاستەیەکدا ڕایکرد، بۆ ئەوەی شوێنێکی گونجاو بۆ خۆی بدۆزێتـــــەوە.

2

ئاراس بیری لە هیچ نەدەکردەوەو تەنیا شەقی لە تۆپەکەی هەڵدەداو بەجۆشوخرۆشەوە دوایدەکەوت. پاش ماوەیەک ئاراس شەقێکی لە تۆپەکەی هەڵدا، بەرزبووەوەو بەر زەوی کەوت

3

ئینجا بەخێرایی خلۆربووەوە.. ئاراس هەوڵیدا بیگرێتەوە بێسوودبوو، هەتا بۆ خۆی لای درەختێکی مەزن جێگیر بوو کە گەڵاو میوەی بەتام جەستەیان داپۆشیبوو.

4

ئاراس لە درەختە مەزنەکە وردبووەوە، چونکە ئەوە یەکەمین درەختی بەو گەورەییە بوو کە لە ژیانیدا بینیبووی.. گەڕایەوە بۆ لای دایکو باوکی، بەڵام هەر بیری لەوە دەکردەوە کە بینیبووی. باوکی هەستیکرد شتێک ئاراسی سەرقاڵکردوە، بۆیە بەمیهرەبانییەوە لێی پرسیی: «بۆ وا ماتی ئاراس گیان؟ شوێنەکەت بەدڵ نییە؟» ئاراس وتی: «بەپێچەوانەوە، جوانترین شوێنە.

5

بەتایبەتی ئەو درەختە».. دایکی لێی پرسی: «چ درەختێک ئازیزەکەم، باخچەکە پڕیەتی لە درەختی جۆربەجۆر؟» ئاراس بەدرێژی ئەوەی بۆ گێڕانەوە کە بەچاوی خۆی بینیبووی‌و باسی درەختەکەو گەورەیی کرد، ئینجا وتی: «ئەو درەختە زۆر گەورەیە، میوەیـــەکی زۆریش لقەکانیان قورسکردوە.» دایکی وتی: «ئەو درەختە کاتێک بچووک بوو، نە گەورەبوو، نە میوەی زۆریشی دەگرت، بەڵام کەبەباشی ئاودراو هەوای پێویستی وەرگرتو خۆر بە باشی لێی دا، وردە وردە گەورەبوو.» ئاراس پرسیی: «پێش ئەوەی گەورەبێت، بەری دەدا؟»


6
لەوەڵامدا: «بەڵی لە تەمەنێکی دیاریکراودا بەری داوە.»
ئاراس واق وڕماوبوو، پاش ماوەیەک پرسیی:
7
«هەتاکو ئێستاش بەرێکی زۆر دەدات، ئەی بێزارو ماندوو نەبووە؟!» ئەمجارەیان باوکی وەڵامیدایەوە: «ئەو درەختە بەخشندەیەو پێی خۆشە بەدرێژایی تەمەنی خۆی بەرو سێبەرەکەی خۆی بەبێ بەرامبەر ببەخشێتە هەموان..
8
چونکە ئەو بەو کارە دڵخۆش‌و ئاسوودە دەبێت.» ئاراس دەم بەپێکەنینەوە وتی: «کەواتە منیش وەکو ئەو درەختـــــە دەبم، چ چاکەیەکم لەدەست بێت، درێخی ناکەم.» دایکی باوەشی پیاکردو ماچیکرد، ئینجا وتی: «چاکەکاری بەختەوەری‌و ئاسوودەیی دەبەخشێتە مرۆڤ.»
9
بێگومان چاکەکاریش بێ ئاکام نابێ‌و دەبێتە مایەی ڕەزامەندیی خۆو ئەوانی تر.»
تەواو